# زەردەشت و ئایینی زەردەشتی

هەیاس کاکەیی

(٢ - ٢)

**ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ زەردەشتییەکان**

عەبدوڵڵا مبلخی ئەلعەبادانی دەڵێت (٧٦): کە لە نێو زەردەشتیاندا باسی مارەبڕینی نەشیاو دەکات، گوایە خوشک و دایکی خۆیان مارە دەکەن، یان خوشک و برا...تاد، ئاماژە بە هەندێ سەرچاوە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕای پسپۆڕێکی ئەڵمانی بە ناوی (کریسن سن) دێنێتەوە کە گوتوویەتی: ئەم کردەوانە لەلایەن نەیارانەوە وتراون، هیچ بنەمایەکیان نییە، وەک یۆنانییەکان و هەندێک مێژوونووسی موسڵمانان، هەروەها دەڵێت: لەم دنیایەدا یەکێ لە باڵادەستەکانی زەردەشتییەکان بەرپەرچی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە، کە بە ئایینی زەردەشتی وتراوە لە بناغەدا هیچ بنەمایەکی نییە، ئەم تۆمەتانە لە لایەن مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆتەوە وتراون. (لەوانەیە ئەمە ئاماژە بێت بە وتەی ئەردەشێر بابەکانی ساسانی کە دەڵێت: ئەو تۆمەت و بوختانانە لە لایەن یۆنانییەکانەوە هەڵبەستراون کە دوژمنانی باوک و باپیرانی ئێمە بوون)، پاش ئەوانیش عەرەبەکان هەمان تۆمەتیان خستووەتە پاڵیان.

لە ئایینی زەردەشتیدا فرە ژنی قەدەغە بوو، تەنیا هاوسەرگیری لەگەڵ یەک ئافرەتدا کراوە، لە لایەکی دیکەوە مەجدی کامل دەڵێت(٧٧): زەردەشت بانگەشەی فرە ژنی کردووە بۆ زیادکردنی نەوە، لە سپای زەردەشتی تا لە پێناو ڕووناکیدا بجەنگێن، ئەم وتەیەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

تەڵاقدان لای زەردەشتییەکان بوونی نەبووە تەنیا لە باری خیانەت نەبێت، یان شاردنەوەی دوژمن، فێربوونی سیحر و جادووبازی و لە باری نەزۆکی ژن، هەروەها لە کاتی شێت بوون، یان زوڵم کردن لە ئافرەت و لە کاتی

ون بوونی پیاو لە هاوسەرەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ، لە باری دەروونی نەشیاودا، هەروەها کە ئافرەت لە ژێر فەرمانی پیاو بێتە دەرێ.

مەراسیمی مارەبڕین لە نێو زەردەشتیان بە ڕێوڕەسمێکی ئوسوڵی بەڕێوە دەڕوات، پاش داخوازی و ڕازی بوونی هەردوو لایەن، کەسوکاری کوڕەکە بەدیارییەکی زۆرەوە دەچنە ماڵی باوکی کچەکە و پیاوی ئایینی لەگەڵیان دەڕوات، ڕای هەردووکیان وەردەگیرێت، ئینجا بە پێی دابونەریت و فەرمانە ئایینیەکان کە لە ئاوێستادا دیاری کراون مارەبڕین دەکرێت.

پیاوانی ئایینی زەردەشت و دەوڵەمەندەکان لە ڕێڕەو لایان دابوو، فرە ژنیان پەیڕەو دەکرد کە مەزدەک بانگەشەی بنبڕکردنی ئەو بارەی دەکرد.

زۆر جار بە زەردەشتییەکان دەوترێت مەجووس (مەگووس)، مەجووس یەکێک بوو لە خێڵە ئارییەکان کە خەریکی کاروباری ئایینی بوون لە ئێرانی کۆندا، بە دەرکەوتنی زەردەشت دەستیان لە بیروباوەڕی کۆنی خۆیان هەڵگرت و بڕوایان بە ئایینی زەردەشت هێنا و بوونە پیاوە ئایینییەکانی زەردەشتی. (موغ).

ئایینی زەردەشتی دروشمی لە بناغە فەلسەفییەکەدا (بیری چاک، وتەی چاک، کاری چاک)ە، کەسێک ئەمانە دروشمی ئایینەکەی بێت و ئەو داواکارییەی لە نێو گاتاکاندا (سرووده ئایینییەکان)دا هەبێت، دەشێت ئاگرپەرست و کافر و خوانەناس و جادووکاری لە ئایینەکەیدا هەبێت ؟ وەک نەیاران پێیاندا گوتووە. لە ساڵی ٦٣٣زدا عەرەب و ئیسلام، ئێران و کوردستانیان داگیرکرد بۆ هێنانە ژێر ئاڵای ئیسلام بەرەنگاری زۆر کران، پاشان ئەوانەی ڕازی نەبوون دەست لە ئایینی خۆیان هەڵگرن ناچار بوون وڵات و خاکی خۆیان بە جێ بهێڵن، یەک ملیۆن کەسی زەردەشتی بۆ هیندستان ئاوارە بوون و لە شاری بۆمبای جێنشین بوون. (بڕوانە سایتی یارستان ٧٨). ئەوانەی هیندستان ساڵانە لە (٣)ی مایس جەژنی لە دایکبوونی زەردەشت دەکەن، زەردەشت لە (٦٦٠)پ.ز لەدایکبووە و لە ساڵی ٥٨٣ ی پ.ز لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، (بڕوانە أدیان الفرس الکبری)، بیروباوەڕی زەردەشت لە کوردستان و ئێران بەرەو ئاوابوون و کزبوون چوو، کۆمەڵگا بە زۆری چوونە ژێر ئاڵای ئیسلام، وەک بابان



زەردەشت

سەقزی دەڵێت (٧٩): کاتێک عەرەبەکان نیشتمانی میدیا (کوردستان)یان داگیر کرد ئایینی مەجووس وەک ئایینەکانی جوولەکە و خاچپەرستان ڕێزی لێ دەگیرا، تەنیا باجیان دەدا و ئایینی بەهدینی ئازاد بوو، بەڵام کە دەسەلاتی ئیسلام پتەو بوو، بە بیانووی ئەوەی ناوی زەردەشت لە قورئاندا نەهاتووە، ئەم ئایینەیان یاساغ کرد و بوختانی ئاگرپەرستییان بە سەریاندا سەپاند، بەڵام سەرەڕای ئەو بارانەش لە ناو کومەڵگادا ئاسەواری هەر ماوە، بۆ نموونە جەژنی نەورۆز کە بووەتە جەژنی نەتەوەیی کورد، پیرۆزی ئاگر، جەژنی چوارشەممە سوورە، شەوی یەڵدا...تاد. ڕەشاد میران دەڵێت (٨٠): وا دیارە زۆربەی کورد لە دەورەی پێش ئیسلامدا زەردەشتی بوون، بەڵگەش هەبوونی ئاسەوار و جێ پەنجەی زەردەشتە لە ژیانی مەتریالی و گیانی کوردی ئێستادا وەک سوێند خواردن بە ئاگر، جەژنی کۆمسا لە هەورامان، حەوت خواوەندی ئێزیدی، حەوتەوانەی ئەهلی هەق...تاد. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێبازی سوفیگەری لە نێو ئیسلامدا سەری هەڵداو پەرەی سەند، بە زۆری ئەوانەی ڕێبازی سۆفیگەری جیا جیایان بنیاد نا کورد و ئێرانی بوون کە بیروباوەڕە کۆنەکانیان لەگەڵ هەندێک باوەڕی ئیسلامیدا موتربە کرد و پەرەیان پێ داو کولتووری دێرینی خۆیان پاراست، کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، بۆ نموونە: ڕێبازی عەلەوی، ئەهلی هەق(یارستان)،

ئیسماعیلییەکان، قزڵباش، درووز، قەرامیتە، نوسەیری، فاتمییەکانی میسر، تۆمارییەکانی تۆرۆس...تاد.

### زەردەشت و ئیبراهیم پێغەمبەر

زۆر بیروڕای مێژوونووسان و نووسەرانی ڕۆژهەڵاتناس ئەوەیە کە ئیبراهیم پێغەمبەر خودی زەردەشتە و وشەی ئیبراهیم ناوێکی کوردییە، ئەحمەد ئەلشنتاوی دەڵێت (٨١): زەردەشت پێغەمبەری ئارییەکان بوو، خەڵکی میدیا و دێی (ماژ) بوو، لەوێوە ناچار بوو خۆی لە دەستی نەیارانی ڕزگار بکات و ڕوو بکاتە عەرەبستان و ناوی خۆی بنێ ئیبراهیم، هەروەها لە سەری دەڕواو دەڵێت: ئیبنولئەسیر کە مێژوونووسێکی کۆنە بە زمانی عەرەبی زەردەشت بە ئیبراهیم پێغەمبەر دەزانێت، هاوکات فیردەوسی کە شاعیرێکی کوردە لە شانامەکەیدا زەردەشت بە ئیبراهیم پێغەمبەر دەزانێت.

پوترس بوستانی دەڵێت (٨٢): زەردەشتییەکان بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم هەبووە، محەمەد مەردۆخ دەڵێت (٨٣): زەردەشتی دووەم کە لە ساڵی (٢٢٠٠پ.ز.) دەرکەوتووە ئیبراهیم پێغەمبەرە، لە تەوراتدا(کتێبی پیرۆزی جووەکان) هاتووە کە ئیبراهیم پێغەمبەر لە ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە بۆ فەلەستین کۆچی کردووە، ڕۆژهەڵاتی فورات دەکاتە خاکی کوردستان، هەروەها بڕوا وایە ئاڤێستای زەردەشت هەمان کتێبی پیرۆزی ئیبراهیم پێغەمبەرە. مەجدی کامل دەڵێت (٨٤): دەربارەی زەردەشت زۆر ڕا هەن و دەڵێن ئیبراهیم پێغەمبەرە، هەشن دەڵێن وا نییە.

لە کتێبی (فرقان الحق(٨٥) کە لە ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە، لە سوورەتی ئەلکەبائیر ئایەتی (٦٠)دا هاتووە دەڵێت): بڕواتان وا بوو کە ئیبراهیم لە میللەتی ئێوە بڕوادارێکی موسڵمان بوو.

بڕواتان وا بوو ئەوە دەگەیەنێ کە ئیبراهیم لە میللەتی عەرەب بوو. لە کتێبی (هەقیقەت سەنائی) کە هاشم کاکەیی چاپی کردووە تێیدا هاتووە دەڵێت (٨٦): کوردان بە باری هێستر تا چل ڕۆژ سووتەمەنییان هێناوە و کۆیان کردووەتەوە و مەنجەنیقیان دروست کرد و بە فەرمانی نەمروود ئیبراهیم پێغەمبەریان فڕێ دایە ناو ئاگرەکەوە، وەک لەم دەقەدا هاتووە:

**کەسێ چە کوردان عەرزولش ئاورد**
**سێپاش دامەزران مەنجەنیقش کەرد**
**هەواشان دا وەتۆی حەتیم دۆزەق**

لە گۆڤاری هاواری کەرکووک ژ ٢دا هاتووە دەڵێت (٨٧): بە پێی تاتە قوڕینەکانی شارۆچکەی (بەدرە) لە سەردەمی سۆمەری و ئیسلامدا بووە، کە لە سەردەمی کاسییەکاندا (ئیزینگ)، واتە داروبار و سووتەمەنی لێ کۆکراوەتەوە بۆ سووتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر، هەروەها نووری ئیسماعیل دەڵێت (٨٨): زەردەشتی دووەم ئیبراهیم پێغەمبەرە و مێژووی دەرکەوتنیان لێکەوە نزیکە کە لە نێوان سەدەی (٢٠-٢١٧ی پ.ز.)دایە.

ئەم بەڵگانە و بەڵگەی زۆری تریش هەن کە زۆر داکۆکی لەوە دەکەن، بەڵکو دەیسەلمێنن کە زەردەشت ئیبراهیم پێغەمبەرە.

### زەردەشت و پیر شالیار

لەگەڵ زەردەشت پیاوێکی زانا و عارف هەبوو یار و یاوەری زەردەشت بوو، بە ناوی پیر شالیار کە خاوەن کتێبی (ماریفەت و پیر شالیار) بووە و لێی بە جێ ماوە، کە تا ئێستاش لای هەورامییەکانە، وەک باس دەکرێت سێ زەردەشت دەرکەوتوون، واتە سێ پیر شالیار یار و یاوەری بوون. پیر شالیاری هەورامی کە دەڵێن لەگەڵ زەردەشتی سێیەم بووە. نەوەی پیر شالیاری یەکەم بووە، پاش موسڵمان بوونی هەندێک دەستکاری لە ناوەڕۆکی ماریفەت و پیر شالیاری کردووە، بە تایبەت ئەوانەی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا ناگونجێن، ئەو کتێبەی لای هەورامییەکان دەستاو دەست پارێزراوە و بەکاری دەهێنن، هەر بە وەسیەتی پیر شالیار هەورامییەکان پیشانی غەریبەی نادەن.

محەمەد عەلی سوڵتانی کە پشتی بە کتێبی مێژووی هەورامان بەستووە لە لاپەڕە ٢٢دا دەڵێت (٨٩): دەربارەی پیر شالیار خەلیفەی زانا مەزدەک بووە و لەسەر ڕێبازی بابەکی مەجووسی و ئەبو موسلم خوراسانی و دوایی دەست بە داوێنی شا خۆشین هەورامانی بوو و بووە بە شوێنکەوتووی ئەو لەسەر تەریقەتی عەلەوییەکان لە نەوەد و نۆ پیرە بووە.

هەر چۆنێک بێت پیر شالیار یار و یاوەری ئایینی زەردەشتی بووە و کتێبی ماریفەت و پیر شالیاری بۆ

ماوەتەوە و پاراستوویەتی کە دواجار باسی پیر شالیار بەوردی دەکەین.

**گاتاکان (سرووده ئایینییه‌کان)**

چەند وانەیەک لە گـاتاکـان دەخـەینە بەرچاو وەک لە کـتـێبی (بابان سەقزی)دا هاتووە کە هەقـیـقـەتی بیـرو بروای ئایینی زەردەشتی ڕوون دەکەنەوە:

١) ئەی مەزدای مینوویی پاک پترکەری چاکە، ئێستا بە دەستی بەرزکراو نوێژت بۆ دەکەم و داوای بەختـیـاری دەکـەم، با بەکرداره پاک و ڕاستـەکـان کە بە خێـرەت و ڕامانی پاک ئەنجام دەدرێن، ڕەوانی ئەفراندن خۆشنووت بکەم.

(گاتا، هاتی ٢٨، سروودی ١) مینووی = مەعنەوی، خۆشنوو =ڕازی

٢) ئەی مـــەزدای ئاهورا، بە ڕامـــانی پاک و دڵی ڕووناکەوە لەبەر تیشکی ڕاستیدا ڕوو لە تۆ دەکەم، ئێمە لە پاداشـتی ئەنبـوەژەیی و مـینوویی کـە لایەنگرانت بە بەختیاری دەگەیەنێت بەهرەمەند بکە.

(گاتا، هاتی ٢٨، سروودی ٢) ئەنبووژەیی=ماددی

٣) ئەی ڕاستی، کـەی دەتوانم بتـبـینم ؟ ئەی ڕامانی پاک کەی دەتوانم لە داناییدا بە تۆ بگەم ؟ ئەی ئاهورای بەتوانا کـەی دەتوانم ڕێگات بدۆزمـەوە؟ کـەی دەتوانم سـرووشی یەزدانی ببـیـسـتم؟ هیـوادارم لەبەر پرشنگی پەیامی بیر خرۆشێنەرت و هێز و گوفتاردا ڕێپیشاندەری گومڕایان بم ؟.

(گاتا، هاتی ٢٨، سروودی ٥)

٤) ئەی مـــەزدا ئاهورا، ئاواتی ئەو کـەسـانە بە جێ بهێنە کە دەیانناسیت و دەزانیت ڕاست بێژ و بیر چاک و دروست کـــارن، من چاک دەزانم کـــە تۆ وەڵامی هەر نیایشتێک دەدەیتەوە، کە لە کانگای دڵەوە هەڵبقوڵێت و بۆ ئارمانجێکی چاک بێت.

(گاتا، هاتی٢٨، سروودی ١٠)

٥) ڕەوانی جیـهـان لەلای ئێوە ئاهورامـەزدا گـازندەی هەیە هاوار بۆچی منت ئەفـراند؟ کێ منی خـسـتـە ناو قـاڵبی بوونەوە؟ ڕک و تورەیی و ستـەم و دەسـتـدرێژی و ڕووڕەشی منی داگرتووە، بێجگە لە تۆ پشت و پەناگـەم نیـیـە، فـریادڕەسـێـکی دڵسۆزم پێ بناسێنە کـە ڕزگـارم بکات.

(گاتا، هاتی ٢٩، سروودی١)

٦)مـەزدا ئاهورای بە دەســەڵات، بەم چەشنە داینـاوە، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەیە کە بەختیاری بە کەسێکی دی ببەخشێت، من بۆ پێشکەوتن و ڕاگرتنی ئایینی ڕاسـتی داوای پایەبەرزی و توانمەندی جەستە و ڕەوانم دەکەم.

(گاتا، عاتی٤٣، سروودی ١)

٧) ئەی مەزدا ئاهورا، ئەمە لە تۆ دەپرسم، بە دروستی بەمن بێژە، چۆن ویژدانی خۆم پاک بکەمەوە و پێشکەشی تۆی بکەم؟ هێـڤیدارم بە فەرمانبەری لە تۆ بە دانشێک کـە لە بەر پرشنگی شکۆمـەندی تۆ فـێـر بم، بە هێـزی مـینۆیی و بە ڕاسـتی و ڕامـانی پاک بەرەو بارەگـای تۆ ڕێگا بدۆزمەوە.

(گاتا، عاتی٤٤، سروودی٩)

٨)ئێـسـتـا لەمـەڕ بنەمـای ئایینی ژیان دەدوێم، ئەو شـتـەی کـە مـەزدا ئاهورای دانا بەمنی گـوتووە: ئەو کەسانەی کە ئەم گوتار و پەیامە پیرۆزانە بەو جۆرەی من فـێری بووم بە کـاری نەهێنن و پەیڕەوی نەکەن، کـۆتایی ژیانیان لەتەک پەشیمانی و ئەفسووس دەبێت.

(گاتا، هاتی٤٥، سروودی ٣)

٩) ئەی مەزدا ئاهورا، خەڵک بەو گوتارانە بانگەواز دەکەم، کە لە ڕامانی پاکەوە سەرچاوەی وەرگرتبێت، تا ڕێگە بە بارەگای تۆ ببیننەوە.

(گاتا، هاتی٤٦، سروودی ١٤)

١٠) ئەی مـەزدا، ئەم باوەڕ و ڕاهێنانەت بە دروسـتی بۆ هەمـوان دیاری کردووە، کـە ڕاسـتی ئازادی بەخش و سوودمەندە، درۆش زیان بەخشە.

(گاتا، هاتی٤٩، سروودی ٣)

ئەگەر بە وردی لێی ڕامێنین و گاتاکان بخوێنینەوە تێ دەگـەین بیـر و هزر و بیـروباوەڕی ئایینی زەردەشت چۆن ئەو ئایینەی داهێناوە بۆ چاکسازی و بیری ڕاست لە نێو کۆمەڵگاکەیدا، چۆن لە ئاهورامەزدا دەپاڕێتەوە و دوعا و نزادەکـات فـیکری ڕەوان و ڕێگای ڕاسـتی و کـرداری چاکـەیی ڕەوا ببـینی تا بتـوانێت مـیللەتەکـەی بەرەو بەختـیـاری ئاراستە بکات، داوا لە ئاهورا مەزدا دەکات فـریادڕەسێکی پێ بناسێنێت تا لە دەست خراپەکاران و بەدکاران و کـاری خراپە ڕزگـاری بکات، واتە دژی درۆ و خراپەکـاری بووە، دژی شەڕ و کـوشتن و برین، هەمـیـشـە داوای تەبایی لە نێـو کۆمـەڵگادا کـردووە و ئاشـتـەوایی بێتە دی.

## فریادڕەس لە ئایینی زەردەشتیدا

لە سەرەتای ئەفراندنی مرۆڤەوە کە لە ئادەمەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە دوا قۆناغەکان، ئەو ئایینانەی هاتوونەتە بوون و لەلایەن نێردراوەکان و پێغەمبەرەکانەوە دەرکەوتوون، لە ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگاکان بۆ ڕێگای ڕاستودروست و خواپەرستی و ڕێکخستنەوەی ژیان، پاش ئەوەی لادان و خراپەکاری زۆر بووە، هەر ئایینێک بە پێی بۆچوونی خۆی پێشبینی فریادڕەسی کردووە کە لە کۆتایی دنیادا دێتە هانای ئیمانداران و بڕواداران و ڕووی زەوی لە خراپەکاری خاوێن دەبێتەوە و جیهان ڕزگار دەکات و دادوەری دەچەسپێت و سەقامگیری و ئاسایی بەرپا دەبێت.

هەر ئایینێک بە پێی بیر و بڕوای خۆی فریادڕەسێکی بۆ ڕزگارکردنی جیهان لە دواڕۆژدا دەستنیشان کردووە، سامی عەلی عەزیز دەڵێت(٩٠): فریادڕەس لە بیروباوەڕی چینییەکاندا بە ناوی (پترتنکز)، واتە کەسی کامڵ (تەواو)، یان ڕێپیشاندەر و لە ئایینی بووزاییدا بە ناوی (بووزای پێنجەم) فریادڕەسە، لە ئایینی هیندیدا ناوی (دیشنوی دەهەم)، لای زەردەشتییەکان ناوی (سوشیانت)، لە مەسیحیدا ناوی (عیسایە) و لە ئیسلامدا ناوی (مەهدی)ـە، لە مانەویدا (خوردشهرایزادە)، هەر وا ئاییننزاکان کەسانی وای تێدا دەرکەوتووە کە پێشبینی جۆراوجۆری کردووە، یان کەسانێک لە مێژوودا دەرکەوتوون پێشبینییان کردووە وەک (ئۆستراداموس)، چین دیکسون، هەروەها لە یارساندا ئیلّ بەگی جاف، خان ئەلماسی لوڕستانی ...تاد.

لە بیروباوەڕی زەردەشتیدا، عەقڵی مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕزگارکەرێک هەیە ئەو عەقڵە پەرە پێ بدات و تێگەیشتنەکان نوێ بێتەوە و مرۆڤ بگەیەنێتە پلەی باڵا، وەک پێغەمبەران و فەیلەسووفەکان و داناکان کە بەشەکانی مێژووی فیکری پێکدەهێنن، (بڕوانە مەجدی کامل زەرادشت (٩١))، هەروەها مەجدی کامل دەڵێت (٩٢): سوشیانت لە بڕوای زەردەشتیدا سێ ڕزگارکەر پەیدا دەبن کە ئەمانن:

١) هۆشیدەر بەر لە هەزار ساڵ پێش زەردەشت.

٢) هۆشیدەر ماه پاش دوو هەزار ساڵ لە پاش زەردەشت.

٣) سوشیانت لە سێ هەزار ساڵ پاش زەردەشت.

لە هەندێک بۆچووندا هەیە دەڵێن کە سوشیانت مەسیحە و جارێکی تر پەیدا دەبێتەوە.هەر ئایینێکیش بە پێی بیروبۆچوونی خۆی دەڵێت فریادڕەسەکەی من دێتەوە، ئایینی من پاش هاتنی فریادڕەسەکەم دەبێتە ئایینی هەموو جیهان، واتە فریادڕەس دەبێتە ڕزگارکەری جیهان وەک لە گاتای ٢٩ لە سروودی یەکەمدا هاتووە کە زەردەشت دەڵێت: فریادڕەسێکی دڵسۆزم پێ بناسێنە کە ڕزگارم بکات.

## زەردەشت و میترا

١) میترا بە واتای ڕێککەوتن و ناوبژیکەر و پەرنسیپی ڕازی کردن، یان بە واتای خۆشەویستی و پەیمان.

زەردەشت بە واتای تیشکی زێڕین، یان درەوشانەوە کە نازناوی سیمیارە.

٢) لەدایکبوونی میترا بە موعجیزە بووە، بە پێی بۆچوونی نووسەران و لێکۆڵەرەوان کە شەوی یەلدا لە نێو دوو تاشە بەردەوە لە ئەشکەوتێکدا بە ڕووناکییەکی فراوانەوە دەرکەوتووە.

زەردەشت هەمان شت بە موعجیزە لەدایکبووە کە دوو فریشتە بە باوکی زەردەشتیان گوتووە کوڕێکی لە دایک دەبێت و دەبێتە پێغەمبەر، هەرچەندە باوک و دایکی ئەختیار بوونە.

٣)ئایینی زەردەشت و ئایینی میترایی یەکتا پەرست بوونە، بە پێی بڕوایان خوایەک لە پشت خۆرەوەیە دەڕوانێتە دنیا و ئاگای لە هەموو شتێک هەیە.

٤) دروشمی ئایینی میترایی: پاکی، پاک ڕەفتار، ڕاستی

دروشمی ئایینی زەردەشتی: بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاکە.

٥) لە ئایینی میترایی و ئایینی زەردەشتی پیرۆزی خۆر بوونی هەیە، چونکە سەرچاوەی ڕووناکییە، خواوەندیش لە نوور و ڕووناکییە.ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل دەڵێت (٩٣): خۆر کۆڵەگەی ئایینی گەلانی ئاری بووە بە گشتی پیرۆزی تایبەتی لە ئایینی میترایی و زەردەشتیدا هەبووە.

٦) ئاگــر پیــرۆزی لە هەردوو ئایینەکــەدا هەیە، بە تایبـەت بوونی ئاگـر لە چوار توخـمە پیـرۆزەکـەیە (ئاو، ئاگـر، هەوا، خـاک)، لە ئایینی مـیـتـرادا لە کـۆبوونەوە ئایینییەکاندا و لە جێگا پیرۆزەکاندا ئاگریان دەکردەوە، ئاگر سەرچاوەی ڕووناکییە، لەو بارەوە ئیڤانۆڤ دەڵێت (٩٤): لە ناو پەرستگا مـۆم و ئاگر دادەگـیرسـێن کە نیشـانەی نوێی مـیـهرە، جورج حەبیب دەڵێت (٩٥): بوونی ئاگر لە پەرستگای ئایینە کـۆنەکـانی ئێـراندا ئاماژەیە بۆ ئامادەبوونی ئاهورامەزدا.

ئایینی زەردەشــتی ئاتەشگەدەیان هەبوو کـە بەردەوام ئاگری تێدا بە گڕبووە، هەروەها پیرۆزی ئاگر لەوە زیاتر بوو کە زەردەشت بە منداڵی دزرا و خرایە ناو ئاگرەوە بۆ مـاوەی سێ ڕۆژ، پاش سێ ڕۆژ بینییـان لە ناو ئاگرەکە خـەوی لێ کــەوتووە.بابان ســەقــزی دەڵێت (٩٦): بەهدینان ئاگــر پەرست نین، بەڵکو ئاگــر و ڕووناکی بەشێکە لە دیاردەکانی ئاهورامەزدا.

٧) فریادڕەس لە هەردوو ئایینەکەدا بوونی هەیە، کە فـریادڕەس ڕووی زەوی لە خـراپەکـاری پاک دەکـاتەوە و ســەقــامگـیــری و دادپەروەری بەرپا دەبێت.لە ئایینی میترائیدا لە ئایندەدا میترا دێتەوە سەر زەوی و ڕووی زەوی لە خراپەکاری پاک دەکاتەوە و ئایینی مـیـترا باڵ بەسەر مرۆڤایەتیدا دەکێشێ.

لە ئایینی زەردەشتیدا فریادڕەس (سوشیانت) دێتەوە سەر زەوی و ڕووی زەوی لە خراپەکاری پاک دەکاتەوە و ئایینی زەردەشتی باڵ بەسـەر مرۆڤایەتیـدا دەکێشێ کە سەقامگیری و دادپەروەری بەرپا دەبێت.

٨) ژمـارەی حـەوت لە هەردوو ئایینەکـەدا پیـرۆزی هەیە، لە ئایینی میـترائیدا حەوت میوەی پیرۆز، حەوت لەفـەی جـەژنی نەورۆز، حـەوت قـۆناغی پێگەیشتن لە ئایینەکەدا، هاودەمانی میـترا، حەوت تەبەقەی ئاسمان و زەوی.

لە ئایینی زەردەشــتـیــدا حـەوت تەبەقـەی ئاسـمـان و زەوی، هەفت فـریشــتـەی بەکـاربەری دنیـا، حـەوت گرێ پشتێن بەستنی پەیمان بەستن بە ئایینی زەردەشتی، پلەی گەیشتن بۆ پیرۆزی زەردەشت.

٩) نوێژ کـردن لە هەردوو ئایینەکەدا هەیە، لە ئایینی مـیـترائیدا دوو نوێژ لە کـاتی خۆر هەڵاتن هەبووە و خۆر ئاوابوون، بێـجگە لەوە لە کـۆبوونەوە و مــەراســیــمــە ئایینییەکاندا نوێژ و کڕنووش بردن و دوعا و نزا هەبووە.

ئایینی زەردەشـتی وەک بابان سـەقـزی دەڵێت (٩٧): نوێژ لە ئایینی بەهدینیدا پینج جار دەکرێت، نوێژی تریش هەیە بە ناوی (کـێـمنە) پیـرۆزە و لە کـاتی ڕووداو، یان کـاتی دیاری کـراو دەخـوێنرێت و ڕوو لە ڕۆژ، یان ئاگـر و ڕووناکی دەکرێت پاش دەست نوێژ وەرگرتن.

١٠) قوربانی کردن لە ئایینی میترائیدا میهر پەرستان لە مـیـهـرابە کـە کـۆدەبوونەوە قـوربانی دەکـەن (گـا، یان بەرخ، یان هەر گـیـانلەبەرێکی تر ناوی دەنێن)، بەڵام گا لایان پیرۆزە، چونکە یەکەمین نێچیری میترای ڕاوکەر گایەک بووە کە ئاهورامـەزدا خەڵقی کردووە، گایەکـە لە دەســتـی ڕای کــردووە، بەڵام مـــیـــتــرا بە یاریدەی ڕۆژ دۆزیویەتییەوە و کوشتوویەتی، کە خوێنەکەی برژێتە سەر زەوی بە پیت و بەرەکەت دەبێت.

لە ئایینی زەردەشـتـی، مـحـەمـەد ئەمین زەکی دەڵێت (٩٨): سرووده ئایینییەکان (گاتاکان)لە کاتی قـوربانی کـردن کـە بەرانبـەر ئاگـرە پیـرۆزەکـان بووە، ئەمـەش وا دەگـەیەنی قــوربانی هەبووە، هەرچەند هەندێک ڕا هەن حەرامیان کردووە.

١١) هەردوو ئایینەکە ئایینی عەهد و پەیمان و ڕاستی و خـۆشـەویسـتـی و پاکی بوونە دژ بە خـراپەکـاری و توندوتیـژی و لەگـەڵ پەروەردە و چاکـە بوونە، وەک لە هاتنی ژمارە (٣١) و سروودی (٤) لە گاتاکاندا.

١٢)موسیقا لە ئایینی میترا پیرۆزی تایبەتی هەیە، لە کـاتی کـۆبوونەوە لە مـیـهـرابەکـاندا، یان لە کـۆبـوونەوە تایبەتییەکاندا بە دوعا و نزا کردن لەگەڵ دەنگ و ئاوازی موسیقادا دەخوێنرێت، هەر وەک ئیڤانۆڤ دەڵێت (٩٩): مـیــتـرائیـزم سـروودی نهـێنی ئایینی خـۆی هەبوو، کـە زیافەتی تێدا کراوە، (مەبەستی قوربانی کردنە).

لە ئایینی زەردەشتیدا سروودەکان بە ئاوازی موسیقاوە دەخوێنرایەوە و لە لایەن موغەکانەوە لە ئاتەشگەدەکاندا، یان لە شوێنە پیرۆزەکاندا.

١٣) میـترا چەند هاودەم و یاوەر و یاریدەدەری هەبوون بۆ ڕێوڕەسم و سـەرپەرشـتی کـردن و هەریەکـەیان ئەرکی تایبەتی پێ سپێـرابوو، کە هەردوو ژنەکەی خۆی (ڕەتش و پارەند) لە ناویان بوون.

زەردەشت هەمـان شت یاریدەدەر و هاودەمی هەبوون بۆ ڕێوڕەسم و سـەرپەرشـتی کـردن و هەر یەکـەیان ئەرکی

تایبەتی پێ سپێررابوو، لە ناویاندا میترا و هەردوو ژنەکەی ڕەتش و پارەند و هەر وا پیر شالیاری خاوەن کتێبی ماریفەت و پیر شالیار.

١٤) هەر ئایینێک کە سەر هەڵدەدات لەسەر بناغەی بیروباوەڕی ئایینەکانی پێشووی خۆی دەردەکەوێت بە پەرە پێ دان و چاکسازی و بیر و بۆچوونی کە دەوەستێتە سەر ڕابەرە ئایینییەکە کە بابان سەقزی پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە دەڵێت (١٠٠)

میترایی پێش خۆی سروشت پەرستی و ئاگر پەرستی و زروانی...تاد هەبوون

زەردەشتی، چاکسازی بوو لەسەر ئایینی میترایی، هەر وەک ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل دەڵێت (١٠١)

ڕاستییەکەی زەردەشتی بزووتنەوەیەکی چاکسازی بوو لە مەزدییەدا (مەبەستی میترایی و زروانییە).

١٥) هەردوو ئایینەکە بڕوایان بە دۆنای دۆن هەیە، واتە ڕوح نەمرە تەنیا گیان (جەستە) دەمرێت، ڕوح لە گیانێکەوە بۆ گیانیکی تر دەڕوات، بە پێی کارو کردەوەی ڕابوردووی ژیانی. بڕوا وایە ئەم ئاڵوگۆڕە هەزار و یەک جار بۆ هەر ڕوحێک ڕوودەدات ئەوجا قاڵ دەبێت و دەچێتە دنیای جاویدانییەوە.

١٦) هەردوو ئایینەکە باوەڕیان بە بەهەشت و دۆزەخ هەیە، بەڵام بە پێی بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆیان.

میترا بەهەشت و دۆزەخ لەم دنیا دەبینێ، واتە لە دنیای تازەی ڕوحدا کە مرۆڤ پاداشت، یان سزای کار و کردەوەکانی ژیانی ڕابوردووی وەردەگرێتەوە.

١٧)هەردوو ئایینەکە بە پێی بیروباوەڕی چوار توخمە پیرۆزەکە، (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک) بایەخ بە سروشت پارێزی دەدەن، واتە دەبێت پیرۆزی ئەو چوار توخمە ڕابگیرێت و خاوێن و بێ گەردییان بمێنێتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی ژینگەپارێزی. جگە لەوە بایەخدان بە دار و درەخت لە سروشت و زیادکردنی سەوزایی.

١٨) بە پێی ناوەڕۆکی گاتاکان زەردەشت شیوەن و گریانی بەسەر مردوواندا حەرام کردووە، چونکە ڕوحی مردوو ئازار و ئەشکەنجە دەچێژی پێویستە ئاڤێستا بخوێنرێتەوە و بپاڕێنەوە تا لە پردی جنیفەر بپەڕێتەوە.

دەشێت گریان و شیوەن زۆر بووە بۆ مردوان و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو گریان و شیوەنەی ئێستا هەیە بۆ ماوەییە، وادیارە لە میترابیدا گریان و شیوەن زۆر بووە.

١٩) سروودە ئایینییەکان و دوعا و نزاکان لە سەردەمی میترابیدا تۆمار نەکراون، ئەوی هەبووە لە سنگدا پارێزراوە تا سەردەمی مانی کە هەمووی لە چەند کتێبێکدا تۆمار کردوون و بەناوی خۆیەوە ناوبانگیان دەرکردووە و وەرگێڕراونەتە سەر چەند زمانێک لە ناوچە جیاجیاکاندا.

زەردەشت کتێبی ئاڤێستای هەبووە لەگەڵ زەند ئاڤێستا کە ڕاڤەی ئاڤێستایە، سەرەڕای بواری ئایینی بواری دنیاییشی لەخۆ گرتووە، بڕوا وایە کە لەسەر ئەوانەی پێشی خۆی دایهێناوە، ئەوە بێجگە لە کتێبی پیر شالیار بە ناوی ماریفەت و پیر شالیار.

٢٠) جەژنەکان: جەژنی میهرکان جەژنی میترابییەکانە کە لە یەکەم ڕۆژی پاییز دەیکەن، بە جەژنێکی گەورە دەژمێررێت کە جەژنی دەرکەوتنی میترایە.

جەژنی لەدایکبوونی زەردەشت لە سەرەتای مانگی مایس دەبێت، ئەو کاتەی زەردەشت لەدایکبووە دزراوە و خراوەتە ناو ئاگرەوە پاش سێ ڕۆژ هیچی لێ نەهاتووە، کردوویانە بە جەژن، پاش ئەوەی سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەگرن.

سەرەڕای ئەوەی جەژنی نەورۆز لە هەدوو ئایینەکەدا پیرۆزی هەیە.

٢١)ئازادی و یەکسانی: هەردوو ئایینەکە داکۆکی لەسەر دەکەن، هەر وا لە ئاسایش و دادوەری و دژی زۆرداری و توندوتیژی و کۆیلایەتی.

٢٢)هاوسەرگیری: هەردوو ئایینەکە لەگەڵ هاوسەرگیرین و لەگەڵ مافی ئافرەتن، باوەڕیان بە یەکسانی ژن و پیاو لە ئەرک و هەقدا هەبووە و لەگەڵ فرە ژنی نەبوونە.

لە ئایینی میترابیدا ئەرکی ئافرەت و پیاو یەکسان بووە، بۆ نموونە هەردوو ژنەکەی میترا لە ڕیزی هاو دەمانی بوونە، هەروا لەباری یەکسانی هەق، لەگەڵ فرە ژنی نەبووە و تەڵاقدان لە ئایینی میترابیدا نییە.

لە ئایینی زەردەشتیدا هەمان شێوەی میترایی لە باری یەکسانی و هەق و فرە ژنی، تەڵاقدان نییە، تەنیا لە هەندێ باردا نەبێت وەک خیانەت کردن، نەزۆکی، شێت بوون، زوڵم کردن لە ئافرەت و ونبوونی پیاو...تاد.

لە هەردوو ئایینەکەدا لە لایەن هەردوو لاوە ئازادی بە هاوسەرگیری دراوە، بەڵام وەک دەردەکەوێت موغەکان و دەوڵەمەندەکان لە یاسای فرە ژنی لایان داوە.

٢٣) بابان سەقزی دڵێت (١٠٢): زەردەشت هەرگیز سەری بۆ خوای جۆراوجۆر دانەنەوادووە، هەر لە منداڵییەوە تا تەمەنی چل ساڵی کە وەحی بۆ هاتووە.

میترا بە پێی دەرکەتنی لە نێو ڕۆشناییەکی فراوانەوە ئاینەکەی بڵاو کردوەتەوە و فەرمانی خوای بەجێ هێناوە، هاوشێوەی زەردەشت بووە.

٢٤) ڕۆژوو: لە ئایینی میترایدا سێ ڕۆژ ڕۆژوو هەبووە، ئەوەش پاش دەرکەوتنی میترا و چوارەم ڕۆژ کراوە بە جەژن کە بە جەژنی لەدایکبوونی میترا دەژمێررێت، بە پێی بۆچوونەکان ئەمە لە شەوی یەڵدا بووە (لە ٢٥ مانگی کانوونی یەکەم).

لە ئایینی زەردەشتیدا پاش لەدایکبوونی زەردەشت کە نەیاران دەیدزن و دێتەوە ئەو سێ ڕۆژە ڕۆژوو دەگرن و چوارەم دەیکەن بە جەژن (بڕوانە ئەیووب ڕۆستەم)(١٠٣)

٢٥)باری نهێنی: ئایینی میترایی چەند جارێک دەکەوێتە ژێر باری نهێنییەوە (لە سەردەمی میدییەکان، ئەخمینییەکان، ساسانییەکان، لەشکرکێشی عەرەب و ئیسلام) لە سەردەمی پیشدادییەکان و کیشانییەکان ئایینی فەرمی بووە، ئەو باری نهێنییە بۆ خۆ پاراستن و درێژە پێدانی ئایینەکە بووە، کە پیاوە ئایینییەکان (موخ =پیر) ڕوویان کردووەتە چیا سەختەکان و لە نێو ئەشکەوتەکان بەردەوامییان بە ئایینەکەیان داوە و پاراستوویانە، بەلایەنگرانیان وتووە (سر مەگو) واتە نهێنی بپارێزە.

ئایینی زەردەشتی لە سەرەتادا کە میدییەکان قبووڵیان نەکرد و زەردەشت بۆ بەلەخ کۆچی کرد، پاشانیش لە سەردەمی لەشکرکێشی عەرەب و ئیسلام، هەرچەندە لە ئێران و لە هیندستان کە ژمارەیەکی زۆریان هەڵاتن بۆ ئەوێ بە ئازادانە ڕێورەسمی ئایینی خۆیان ئەنجام دەدا.

**سەرچاوەکان پەراوێزەکان:**

**٧٦) هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.**

**٧٧) مجدی کامل، ل١٥٧.**

**٧٨) سایتی یارستان.**

**٧٩) بابان سەقزی، ل١٩٨.**

**٨٠) د. ڕەشاد میران، ل٢٢٠.**

**٨١) احمد الشنتاوي، ل٦.**

**٨٢) بطرس البستاني دائرة المعارف، ب٦، ل٣٣٣.**

**٨٣) محەمەد مەردۆخ، ل٥٣.**

**٨٤) مجدی کامل، ل٢٢.**

**٨٥) فرقان الحق، ل٢٥٠.**

**٨٦) هاشم کاکەیی، معجم گولستان یاری ٢٠١٢ز، هەولێر، چ. و. ڕۆشنبیری، ل٢١٥.**

**٨٧) گۆڤاری هاواری نوێ، ژ٢، ل٥٢.**

**٨٨) نوری ئیسماعیل، الزرادشتیة، ٢٠٠٦، دمشق، ل٣٣.**

**٨٩) محەمەد عەلی سوڵتانی، بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس، ل١١.**

**٩٠) سامی عەلی عەزیز، فریادڕەس، ل٥٧.**

**٩١) مجدی کامل، ل٥٥.**

**٩٢) مجدی کامل، ل١٦٤.**

**٩٣) احمد مەحموود الخلیل، تارخ میدیا، ل١٩٢.**

**٩٤) ئیڤانۆڤ پیروانی، ڕاستی (ئەهل هەق)، ل٥٤.**

**٩٥) جورج حبیب، الیزیدیة، ل٣٧.**

**٩٦) بابان سەقزی، ل٢٢١.**

**٩٧) بابان سەقزی، ل٢٢٠.**

**٩٨) محەمەد امین زکی، مێژووی کورد و کوردستان، ی١ چ١، ل٢٨٣.**

**٩٩) ئیڤانۆڤ، ل١١٣.**

**١٠٠) بابان سەقزی، ل٣٣.**

**١٠١) احمد مەحموود الخلیل، تاریخ میدیا، ل٢٨٦.**

**١٠٢) بابان سەقزی، ل٣٣.**

**١٠٣) ئەیووب ڕۆستەم، یارستان، ل٥٦.**